المجلة العراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية Iraqi Journal of Humanitarian, Social and Scientific Research
Print ISSN: 2710-095 Electronic ISSN 2790-1254
عدد خاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثامن لكلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية – جامعة بغداد بعنوان
التكامل المعرفي للدراسات التربوية والاجتماعية

# نەخۆشییەکانی گوتن لە زمانەوانیی زیندەزانیدا، شێوەکانی ئەفازیا بە نموونە

پ. ی. د. ئەمیر موحەممەد موحەممەدئەمین
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە _ مەخموور، زانکۆی سەلاحەدین _ هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
Amir.muhammadamin@su.edu.krd

**پوختە:**
ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە لە (نەخۆشییەکانی گوتن لە زمانەوانیی زیندەزانیدا، شێوەکانی ئەفازیا بە نموونە)، پێکهاتووە و پەیرەوی ڕێبازی وەسفیی شیکاری کردووە بۆ پیشاندانی نەخۆشییەکانی گوتن بە تایبەتی ئەفازیا و شێوەکانی ئەفازیا، هەندێ جاریش بە پێی پێویستی، بۆ سەلماندنی ڕاستییەکان نموونەی پراکتیکی خستۆتەڕوو، کە کەرەستە زمانییەکانی دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردی بەکارهێناوە. ئامانج و گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە بریتییە لە دیاریکردن و خستنەڕووی نەخۆشییەکانی گوتنە بە تایبەتی ئەفازیا و شێوەکانی ئەفازیای، وەك ئەفازیای برۆکا، ئەفازیای ڤێرنیکا، ئەفازیای گەیاندن، ئەفازیای ناونان، ئەفازیای گشتی و ئەفازیای سەر توێکڵی مێشك، لەهەمان کاتیشدا هۆکارەکانی تووشبوون بە نەخۆشییەکانی گوتنی ئەفازیا و تا ڕادەیەك چارەسەری گونجاو بۆ ئەفازیا دەخاتەڕوو. هەروەها ئەم توێژینەوەیە سەرەڕای هەبوونی ئەنجام و سەرچاوە و پوختە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، ناوەڕۆکەکەی لە دوو بەش پێکهاتووە، کە بەشی یەکەم، باس لە هەندێ لایەنی تیۆری زمانەوانیی زیندەزانی دەکات و بەشی دووەمیش، باس لە ئەفازیا و هەندێك لە شێوەکانی ئەفازیا لە زمانەوانیی زیندەزانیدا دەکات.
**وشە سەرەکییەکان: زمانەوانیی زیندەزانی، نەخۆشییەکانی گوتن، ئەفازیا، شێوەکانی ئەفازیای، مێشك.**

## أمراض الكلام في علم اللغة البيولوجي, أشكال الحبسة الكلامية أنموذجاً

أمير محمد محمدأمين
جامعة صلاح الدين أربيل, أقليم كوردستان, العراق كلية التربية- مخمور قسم اللغة الكوردية
Amir.muhammadamin@su.edu.krd

ملخص:
عنوان هذا البحث يتكون من (أمراض الكلام في علم اللغة البيولوجي, أشكال الحبسة الكلامية أنموذجاً)، وتتبع هذا البحث المنهج الوصفي التحليلي لعرض لأمراض الكلام، ولا سيما الحبسة الكلامية وأشكالها، مع الاستعانة أحيانًا، عند الضرورة، عرض النماذج التطبيقية من أجل إثبات الحقائق اللغوية المذكورة، وتشمل حدود البحث اللهجة الوسطى في اللغة الكوردية. تهدف وتهتم هذا البحث تحديد وعرض أمراض الكلام وخاصة الحبسة الكلامية وأشكالها، مثل حبسة بروكا، وحبسة فيرنيكا، وحبسة التوصيلية، وحبسة التسمية، والحبسة العامة، وحبسة القشرة الدماغية، بالإضافة إلى أسباب الحبسة الكلامية والعلاج المناسب لها. يتكون هذا البحث الي الفصلين: يتضمن الفصل الأول بعض جوانب

نظرية علم اللغة البيولوجي، أما الفصل الثاني فيتضمن الموضوعات الاتية: الحبسة الكلامية وبعض أشكالها في علم اللغة البيولوجي, إلى جانب النتائج والمصادر والملخصات باللغتين العربية والإنجليزية.

الكلمات الدالة: علم اللغة البيولوجي، أمراض الكلام، الحبسة الكلامية، أشكال الحبسة الكلامية، الدماغ.

**Speech Disorders in Biolinguistics, Forms of Aphasia as an Example**

**Amir Muhammad muhammadamin**
**Department of Kurdish language, College of Education_ Makhmour, Salahaddin University _ Erbil, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.**
**Amir.muhammadamin@su.edu.krd**

**Abstract:**
The study, which is entitled (Speech Disorders in Biolinguistics, Forms of Aphasia as an Example) adopts a descriptive analytical approach to show speech disorders, especially aphasia and identify forms of aphasia, and whenever required to prove the facts, this study depends on empirical examples which stand for the linguistic materials of the central Kurdish dialect. This study aims at identifying speech disorders, especially aphasia and forms of aphasia, such as Broca's aphasia, Wernicke's aphasia, Conduction aphasia, Anomic aphasia, General aphasia and Transcortical aphasia. Likewise, it diagnosis the causes of aphasia and appropriate treatment presents for aphasia. Besides the results, sources and summaries in Arabic and English, this study consists of two parts, the first of which tackles some aspects of biolinguistic theory whereas the second part examines aphasia and some forms of aphasia in biolinguistics.

Keywords: biolinguistics, speech disorders, aphasia, forms of aphasia, brain.

## پێشەکی:

### ناونیشانی توێژینەوەکە:

ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە (نەخۆشییەکانی گوتن لە زمانەوانیی زیندەزانیدا، شێوەکانی ئەفازیا بە نموونە)، هەربۆیە لە بەر گرنگی ناونیشانەکە و تاکوو ئێستاش توێژینەوەیەك بەم ناونیشانە نەکراوە، بەم شێوەیە بە پێویست زانرا، توێژینەوەیەك بەم ناونیشانە ئەنجامبدرێت.

### ڕێبازی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە پەیرەوی ڕێبازی وەسفیی شیکاری کردووە بۆ پیشاندانی نەخۆشییەکانی گوتن بە تایبەتی شێوەکانی ئەفازیا و هەندێ جاریش بە پێی پێویستی بۆ سەلماندنی ڕاستییەکان نموونەی پراکتیکی خستۆتەڕوو.

### کەرەستەکانی ئەم توێژینەوەیە:

کەرەستە زمانییەکانی ئەم توێژینەوەیە، دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردی لەخۆدەگرێت.

### ئامانج و پرسیاری ئەم توێژینەوەیە:

ئامانج لەم توێژینەوەیە دیاریکردنی نەخۆشییەکانی گوتنە بە تایبەتی ئەفازیا و شێوەکانی ئەفازیا، هەربۆیە توێژینەوەکە پرسیاری ئەوە دەکات:

1_ ئایا زمانەوانیی زیندەزانی پەیوەندی بە نەخۆشی گوتنی ئەفازیاوە هەیە؟
2_ ئایا نەخۆشی ئەفازیا و شێوەکانی ئەفازیا چین؟

3_ ئایا چ هۆکارێك دەبێتە هۆی تووشبوون بە نەخۆشییەکانی گوتنی ئەفازیا؟
4_ ئایا تا چ ڕادەیەك چارەسەر بۆ نەخۆشی ئەفازیا هەیە؟

**ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە:**

ئەم توێژینەوەیە سەرەڕای هەبوونی ئەنجام و سەرچاوە و پوختە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، لە دوو بەش پێکهاتووە:

بەشی یەکەم: باس لە هەندێ لایەنی تیۆری زمانەوانیی زیندەزانی دەکات،کە لەم بابەتانە پێکهاتووە: سەرهەڵدانی زمانەوانیی زیندەزانی، پێناسەی زمانەوانیی زیندەزانی، بوارەکانی زمانەوانیی زیندەزانی، زمان، وەکوو ئەندامێکی زیندوو، کەمترین پرۆگرام, مێشك، جینی گواستنەوەی زمان، نەخۆشییەکانی گوتن.

بەشی دووەم: باس لە هەندێك لە ئەفازیا و شێوەکانی ئەفازیا لە زمانەوانیی زیندەزانیدا دەکات و ئەم بابەتانەش لەخۆدەگرێت: ئەفازیا, هۆکارەکانی تووشبوون بە نەخۆشییەکانی ئەفازیا، شێوەکانی ئەفازیا، ئەفازیای برۆکا، ئەفازیای ڤێرنیکا، ئەفازیای گەیاندن، ئەفازیای ناونان، ئەفازیای گشتی، ئەفازیای سەر توێکڵی مێشك.

## بەشی یەکەم: هەندێ لایەنی تیۆری زمانەوانیی زیندەزانی[1] Biolinguistics:

### 1_1_ سەرهەڵدانی زمانەوانیی زیندەزانی:

مێژووی سەرهەڵدانی زمانەوانیی زیندەزانی، سەرەتا بەم ناوە نەبووە و وەك هەر زانستێکیش سەرەتایەکی هەبووە، تا دواتر وەکوو زانستێکی سەربەخۆ دەرکەوێت و گەشەبکات. هەربۆیە (زمانەوانیی زیندەزانی ڕەگ و ڕیشەی کۆنی هەیە، کە ڕەگ و ڕیشەکەی بۆ سەردەمی یۆنانی کۆن و فەیلەسوفەکانی، وەك ئەڕستۆ دەگەڕێتەوە)(نجم، 2024: 36). هەربۆیە زمانەوانی و زیندەزانی سەرەتا بەجیا کاریان لەسەر زمان دەکرد، دواتر بۆیان دەرکەوت، ئەم بۆشایی و کەلێنانەی، کە لە نێوان زمانەوانی و زیندەزانیدا دروستدەبێت، هەریەکەیان بە تەنها ناتوانن، ئەم بۆشایی و کەلێنانە پر بکەنەوە، بۆیە پێویستییان بە تێکەڵاو بوون، هەبوو لە قالبێکی نوێدا، بۆ ئەوەی ئەم گرفتە زمانییانەی دێتە ڕێگەیانەوە، بەیەکەوە چارەسەری بکەن.

ئەوە بوو، (زمانەوانیی زیندەزانی، لە ئەنجامی هەوڵ و کۆششی زمانەوان جۆرج زیف George Zipf[2] دروستبوو, ئەو زمانەوانە گرنگی بە تیۆری زیندەزانیی دەروونی دەدا و ئەوەبوو داوایکرد، کە لقێکی تایبەت بە ناوی زمانەوانیی زیندەزانی دروستبکرێت، کە توێژینەوە لە دیاردەی زمانی و ئەوەی پەیوەستە بە ڕەفتاری مرۆڤ لە کردەی پەیوەندیکردن بگرێتە خۆی و ئەو کردەیەش بریتییە لە پشت بەستن بە لایەنی زیندەزانی)(الخطیب, 2006: 42). واتە؛ سەرهەڵدانی زمانەوانیی زیندەزانی قۆناغێکی نوێیە بۆ ڕوانین لە دیاردەکانی زمان و ڕەفتاری مرۆڤ، چونکە ئەم زانستە زمان، وەك چالاکییەك سەیردەکات، کردەی گوتنیش بریتییە لە پەیوەندیکرنی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ و پەیوەستە مێشك و لایەنی جووڵەیی ئەندامانی ئاخاوتنەوە لە ڕووی زیندەزاییەوە، کە کردەقسەییەکانی پێ بەرهەمدەهێنرێت.

ڕوویەکی تری سەرهەڵدانی (پرۆگرامی زمانەوانیی زیندەزانی بۆ کارەکانی چۆمسکی و ئیریك لینیبیرگ بۆ پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا دەگەڕێتەوە، وەك وەڵامدانەوەیەك بەرانبەر قوتابخانەی زمانەوانیی ڕەفتاری، کە لەو کاتەدا باوبوو. بیرۆکە سەرەکییەکەیان لە سەر ئەوەبوو، کە وەرگرتنی زمان کردەیەکە وابەستەی لایەنی زیندەزانییە، ئەم بیرۆکەیە بووە نۆبەرەیەك بۆ سەرهەڵدانی زمانەوانیی زیندەزانی)(ar.wikipedia.org). هەربۆیە هەبوونی بۆچوونی جیاوازیی چۆمسکی و ئیریك لینیبیرگ بۆ زمان بەرانبەر بە ڕەفتارکارەکان، وای

المجلة العراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية Iraqi Journal of Humanitarian, Social and Scientific Research
Print ISSN: 2710-095 Electronic ISSN 2790-1254
عدد خاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثامن لكلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية – جامعة بغداد بعنوان
التكامل المعرفي للدراسات التربوية والاجتماعية

لێکردن، کە بیر و بۆچوونی نوێ سەبارەت بە زمان بخەنەڕوو، ئەویش لە سەر ئەو پروایەی، کە فێربوونی زمان و ئەنجامدانی چالاکی زمانی بەستراوەتەوە بە لایەنی زیندەزانییەوە، ئەم پروایەش، وەکوو وەڵامدانەوەیەك لە دژی قوتابخانەی زمانەوانیی ڕەفتاری سەریهەڵدا.

بەم جۆرە سەرهەڵدانی قوتابخانەی زمانەوانیی زیندەزانی و تێڕوانینە نوێیەکەی بۆ زمان، کاری کردە سەر چۆمسکی و کارەکانی، هەر بۆیە لە کتێبی (On Nature and Language) دا، لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکدا، چۆمسکی بە پوختی گفتوگۆی لە بارەی پرۆژەکەی بە ناوی (ڕێزمانی بەرهەمهێنان- Generative grammar) کردووە و ئاماژەشی بەوەشکردووە، کە (ڕێزمانی بەرهەمهێنان بریتییە لەو ڕێزمانەی، کە مەشق و ڕاهێنانی لە ڕێگەی زمانەوانیی زیندەزانییەوە دەکات)(Crystal, 2008: 76). واتە؛ تیۆری ڕێزمانی بەرهەمهێنان بە شێوەیەکی پراکتیکی، یاسا و ڕێساکانی لە سەر سیستەمی زمانەوانیی زیندەزانی پەیڕەودەکات، چونکە بە پرواى چۆمسکی ئەو خاڵی یەکلاکەرەوەیە لە ڕاستی و دروستی یاسا و ڕێساکان.

هەربۆیە (دواجار زمانەوانیی زیندەزانی بە فەرمی لە ساڵی 1974ز لە میانی کۆنفرانسێکدا، کە لە لایەن چۆمسکی و زانای زیندەزانی سالڤا لوریا ڕێکخرابوو، وەکوو زاراوەیەکی نوێی زمانەوانی داهێنرا)(نجم، 2024: 37). بەم پێیە ئەم زانستە، وەکوو زاراوەیەکی نوێی هاتەنێو بوارەکانی توێژینەوە زمانەوانییەکان، هەر لەم ڕوانگەیەوە ((زمانڤانیا بیۆلۆجی ل سەر ڤێ هزرێ هاتییە دامەزراندن، کو زمان چالاکییەکە ژ وان چالاکیێن سروشتیێن ل دەڤ مرۆڤی هەین))(عەلی و عەبدوللا، 2011: 264)،(بوقرە، 2009: 30). بەم شێوەیە زمانەوانیی زیندەزانی، وەکوو زانستێکی نوێ ڕەگی خۆی چەسپاند، لێکدانەوە و بیر و بۆچوونەکانی سەبارەت بە زمان خستەڕوو، زمانیشی بە یەکێك لە ڕەفتارەکانی مرۆڤ سەیرکرد.

بەم پێیە ئەم زانستە دەڕوانێتە هەر یەك لە مێژووی زمان لە ڕووی نەژادەوە، کە سەرەتای دروستبوونی کەیە؟ و چۆن پەیدابووە؟ و ڕەگ و ڕیشەی زمانەکە بۆ کوێ دەگەڕێتەوە؟ لە لایەك و لە لایەکی تریشەوە توێژینەوە لە پێشکەوتنی زمان لە لای تاکەکەس دەکات و باس لەوەش دەکات، ئەو قۆناغانە چین، کە تاك پێیدا تێپەڕیوە، تاکوو گەیشتۆتە ئەم قۆناغە پێشکەوتووەی ئەمڕۆ.

**1_2_ پێناسەی زمانەوانیی زیندەزانی:**

سەبارەت بە ناساندنی زمانەوانیی زیندەزانی، زۆر پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، کە هەر یەکەیان لە ڕوانگەی جیاوازەوە، یاخود هاوشێوەوە، سەرنجیان داوە. بۆیە لێرەدا ئاماژە بە هەندێ لەم پێناسانە دەکەین:

_ (زمانەوانیی زیندەزانی لقێکی پێشکەوتووی زمانەوانییە، توێژینەوە لە مەرجە پێشەکییەکانی پێشکەوتنی زمان و بەکارهێنانی لە لایەن مرۆڤەوە دەکات) (Crystal, 2008: 55).

_ (زمانەوانیی زیندەزانی توێژینەوە لە زمان دەکات، وەکوو دیاردەیەکی زیندەزانیی ئەندامی، لەگەڵ جەختکردنەوە لە سەر لایەنەکانی دەماری و فسیۆلۆجی و بۆماوەیی)(الخولي, 1991: 33).

_ (زمانەوانیی زیندەزانی توێژینەوە لە بنەماکانی زیندەزانی لە پەرەسەندنی زمان و بەکارهێنانی لە نێوان مرۆڤەکاندا دەکات)(زفنكي, 2022: 63).

_ ((زمانڤانیا بیۆلۆجی ڤەکۆلینێ ل وێ پرۆسیسا مێشکی دکەت، ئەوا کونترۆل ل سەر دروستکرن و بەرهەمهینانا زمانی هەی))( عەلی و عەبدوللا، 2011: 264).

سەرەڕای ئەم پێناسانە بۆ زمانەوانیی زیندەزانی کراوە، دەکرێت، ئەم زانستە بە ڕوانینێکی ترەوە بناسێنین.

_ زمانەوانیی زیندەزانی توێژینەوە لە زمان دەکات، وەکوو ئەندامێکی زیندووی زیندەزانی لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی گوتن، کە پەیوەستە بە لایەنی مێشك و ئەندامانی ئاخاوتن و بیستن.

**1_3_ بوارەکانی زمانەوانیی زیندەزانی:**

بەو پێیەی، کە هەر زانستێك لە ڕوانگەی خۆیەوە، بایەخ بە هەندێ بوار دەدات. لەم سۆنگەیەشەوە (ئەو بابەتانەی، کە زمانەوانیی زیندەزانی گرنگی پێدەدات، دوو بواری دیاریکراو دەگرێتە خۆی، ئەوانیش، جینی گواستنەوەی زمان و نموونەکانی فسیۆلۆجی دەماری بۆ بەرهەمهێنانی زمان)(Crystal, 2008: 55). واتە؛ بوارەکانی بۆماوەیی و مێشك و هەستەوەرەکان و ئەندامانی ئاخاوتن و بیستن، بریتین لەم بوارانەی، کە زمانەوانیی زیندەزانی گرنگیان پێدەدات، تاکوو لەم ڕێگەیەوە کردەی تاقیکاری و بەدواداچوون بۆ کارەکانی بکات، کە تا چەند بۆماوەیی و مێشك کاریگەری لەسەر شێواز و بەرهەمهێنانی زمان هەیە؟ یاخود ڕۆڵی ئەندامانی ئاخاوتن و بیستن، وەکوو: (ناوپەنچك، سییەکان، پەراسوو، سورێنچك، زمانە بچکۆلە، دەم، لووت، گوێ، گوێی ناوەڕاست...هتد) لەم پرۆسەیەدا چییە؟

هەربۆیە بواری (فسیۆلۆجی دەماری لێکۆڵینەوە لە ئەرکی ئەندامەکانی دەماری دەکات، بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە درككردن و فێربوون و یادگەوە هەیە)(الخولي, 1986: 82). بەم شێوەیە مێشك و ئەندامانی ئاخاوتن چەند ئەرکێکیان دەکەوێتە سەر، بۆ نموونە مێشك سەرەڕای ئەرکی گشتی جەستەی مرۆڤی لە ئەستۆدایە، بەڵام یەکێك لەم ئەرکانەشی، کە بەجێی دەگەیەنێت، فەرمان کردنە بە ئەندامانی ئاخاوتن و بیستن بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکی گوتن و بیستن، هەر ئەندامێکیش ئەرکی تایبەت بە خۆی هەیە و لە هەمان کاتیشدا هەڵگرتنی ئەو زەخیرە زمانییە لە یادگەوە، کە بە میرات بۆی ماوەتەوە، دواتر لە ڕێگەی هەست و نەستەوە لە کاتی پێویستدا بەکاریان دەهێنێتەوە.

درككردنیش لە ڕێگەی پێنج هەستەکەی مرۆڤ (بینین، بیستن، بۆنکردن، تامکردن، بەرکەوتنی پێست) هەستی پێدەکرێت، کە هەر هەستێکیش ئەرکی تایبەتی خۆی هەیە، ئینجا ئەم هەستکردنە، چ بریتی بن لە هەستکردن بەم شتانەی دەوروبەری مرۆڤ، یاخود ئەم ئاخاوتنانەی ڕۆژانە ئەنجامیدەدات. وەکوو (زمان لەو دەنگانە پێکدێت، کە ئەندامانی گوتن دەریدەکات و هاوبەشیشە لە نێوان هەموو مرۆڤێکدا)(حجازي, ؟: 26). پاشان ئەو ئەرکەی ئەندامانی ئاخاوتن بۆ پێکهێنانی زمان جێبەجێیدەکات، کە بریتییە لە دروستکردنی دەنگ، ئەوەش لای هەموو مرۆڤەکان، وەکوو یەکە.

هەربۆیە ئەندامانی ئاخاوتن هەموویان بۆ بەرهەمهێنانی هەر دەنگێك لە قۆناغێك لە قۆناغەکاندا لە کاتی قسەکردندا، دەبنە تەواوکەری یەکتری لە بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکەیاندا و بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیەش دەبێت، ئەندامانی ئاخاوتن لە ڕووی زیندەزانییەوە هیچ نەخۆشییەك و گرفتێکی ئەندامیان نەبێت و ساغ و تەندروست بن.

**1_4_ زمان، وەکوو ئەندامێکی زیندوو:**

زمان تایبەتە بە مرۆڤ، هەربۆیە (فێربوونی زمان لە درێژایی ژیانیدا توانایەکی بنەڕەتی مرۆڤە)(Peñaloza, et al, 2022:1). لەم ڕوانگەیەوە زمانەوانیی زیندەزانی، وەکوو ئەندامێکی زیندوو هەڵسوکەوت لەگەڵ زمان دەکات، لە ڕوانگەی پێنج هەستەکەی مرۆڤ، ئەرکەکانی ئەندامانی ئاخاوتن و بیستن و کاریگەری بۆماوەیی لە سەر ئەم ئەندامە زیندووە، کە

ئەمانەش ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی مێشکەوە کاریگەرییان هەیە لەسەر بەرهەمهێنانی کردەی گوتن, لە هەمان کاتیشدا زمانەوانیی زیندەزانی لە ڕێگەی قسەکردن و گوتنەوە, ئەوە دیاریدەکات، کە مێشك تەندروستە، یان زیانی بەرکەوتووە.

لەم ڕووەوە زمانەوانیی زیندەزانی توێژینەوە لە دۆخی مێشکی مرۆڤ دەکات، کە لە چ بارودۆخێکدایە و چۆن فەرمان بە ئەندامانی ئاخاوتن دەکات، کردەی گوتن بەرهەمبهێنن و چۆن دەتوانێت، لە کاتی کردەی گوتندا بە تەواوی زاڵبێت بەسەریدا و هەڵە و کەموکووری ڕوونەدات. هەڵبەتە ئەم پرۆسەیەش مێشکی مرۆڤ، وەکوو ئەندامێکی زیندوو بەرێوەدەبات و نابێت لە ڕووی ئەندامییەوە، کەمووکوری هەبێت، دەبێت ئەندامێکی تەواو تەندروستبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا (زمان ئەندامێکی زیندووە، بێگومان هەر لەبەر ئەوەش تووشی گیروگرفت و کەموکووری دەبێت، وەك هەر ئەندامێك لە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ، ئەم گیروگرفتانەش فسیۆلۆجین، یان پەرەسەندووین)(الدباس, 2013: 297). بەم جۆرە، کە دەڵێین: زمان ئەندامێکی زیندووە، مەڵبەندی زمان سەرچاوە و چەقەکەی لە مێشکی مرۆڤ، بەرجەستە دەبێت.

### 1_5_ کەمترین پرۆگرام Minimalist program:

کەمترین پرۆگرام یەکێکە لە تیۆرە زمانەوانییەکانی چۆمسکی، ڕوانگەی ئەم تیۆرە، ڕوانینی زمانە، وەکوو کەرستەیەکی زمانەوانەوانیی زیندەزانی، هەربۆیە (تیۆری کەمترین پرۆگرام لە قۆناغی پەرەسەندنی دووەمیدا، درێژکراوەیەکی سروشتی زمانەوانیی زیندەزانییە، کە لەم چوارچێوەیەدا کەمترین پرۆگرام دەتوانێت، دووبارە بایەخ بە هەڵسەنگاندنەوەی ڕێبازی زیندەزانی بۆ زمانی مرۆڤ بدات، کە ئەم ڕێبازە زمان، وەکوو ئەندامێك لە ئەندامەکانی جەستە سەیردەکات)(المطيري, 2022: 14). بەم شێوەیە زمان و زیندەزانی و کەمترین پرۆگرام سێکوچکەیەکی تەواوکەرانە لە دەوری یەکتر کۆدەکەنەوە و بەهرەی زمانی (ملكة اللغة), کە شوێنەکەی لە مێشکی مرۆڤدایە، دەبێتە چەقی ئاراستەکردنی بەرهەمێنانی گوتن و گوتنیش دەبێتە ئەندامێکی زیندوو، تاکوو لە ڕێگەی ئەم گوتنەوە زینکەوتن و جەڵتەکانی مێشکی مرۆڤ و ئەفازیا و شێوەکانی ئەفازیا دەستنیشانبکرێت. هەر لەم ڕووەوە (گفتوگۆکردن لە پەیوەندی نێوان مینیمالیزم و زیندەزانی جەختکردنەوە لەسەر ئەوەیە، کە زمانەوانی لە ڕاستیدا، زیندەزانیی تیۆرییە، هەروەکوو چۆمسکی لە قۆناغە جیاوازەکاندا دووبارەی کردووەتەوە و لە ڕوانگەی تیۆری بەرهەمهێناندا توێژینەوەی لەسەر کردووە) (Boeckx, 2026: 125).هەرچەندە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان تێۆری کەمترین پرۆگرام و زمانەوانیی زیندەزانیدا هەیە، لەم ڕوانگەیەوە زمانەوانی و زیندەزانی، وەکوو یەك هەژماردەکرێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دوو زانستی لە یەکتر جیاوازن و هەریەکەیان بە پێی ڕێباز و بەرنامە و پێوەری خۆیەوە، توێژینەوە لەسەر زمان دەکات.

### 1_6_ زمانەوانیی زیندەزانی و زانستەکانی تر:

زمانەوانیی زیندەزانی بە زمانەوانیی دەماریی دەروونیش دەناسرێت، هەربۆیە زمانەوانیی زیندەزانی پەیوەندیی لەگەڵ زانستەکانی دەمارناسی و دەروونناسی و زانستی تریشدا هەیە، چونکە لە چوارچێوەی توێژینەوەکردن لەسەر لایەنەکانی مێشك و دەمار بەیەکدەگەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا زمانەوانیی زیندەزانی پانتاییەکی گشتگیرتری لە زانستەکانی تردا هەیەوە، بە هۆی ئەوەی ئەم زانستە زمان، وەکوو توانستێکی زیندەزانیی

سروشتی سەیردەکات و سوود لە دەمارناسی و دەروناسی و زانستەکانی تر دەبینێت. هەربۆیە (زمانەوانیی دەماری گرنگی بە لێکۆڵینەوەکردن لەسەر دیاردەکانی دەماری دەدات، کە فەرمان لەسەر زمان دەکات بۆ تێگەیشتن و بەرهەمهێنان و وەرگرتنی زمان)(بن شهداء, 2015: 86). بەم شێوەیە زمانەوانیی زیندەزانی پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ زانستەکانی، وەکوو زمانەوانیی دەماری Neuro –linguistiques و زیندەزانی و دەروونناسی و هی تر هەیە، ئەمەش بۆ دیاریکردنی پەیوەندییەکان و بەستنەوەی توانستەکانی زمانە بە ئەرکەکانی مێشك، بەم پێیە هەر لەم چوارچێوەیەدا ئەو پەیوەندییەی، کە درووستبووە لە نێوان ئەفازیا و زمانەوانیی زیندەزانی بریتییە لە توێژینەوەکردن لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان زمان و مێشك، ئەفازیا، وەکوو نموونەیەك بەکاردەهێنرێت.

بەهەمان شێوە (بەشدارییە زانستییەکانی ئەم دواییەش لە ناو زمانەوانیی زیندەزانیدا برتین لە توێژینەوە لە دووبەرەکی سروشت_ پەروەردە)(نجم، 2024: 36). هەربۆیە زمانەوانیی زیندەزانی پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ زانستی سروشت و پەروەردەدا هەیە، چونکە ئەم زانستە زمان، وەکوو توانستێکی زیندەزانیی سروشتی سەرنجدەدات و لە هەمان کاتیشیدا ئاماژە بەوەشدەکات، مێشکی مرۆڤ بەرپرسە لە تێگەیشتن و بەرهەمهێنانی زمان، کە پەیوەستە بە پەروەردەکردنەوە.

### 1_7_ مێشك Brain:

مێشك ئەندامێکی زیندووە لە جەستەی مرۆڤدا و شوێنەکەی دەکەوێتە کەللەی سەر، بەم پێیە (کێشی مێشکی مرۆڤ لە نێوان (3_4 پاوند، کە بەرانبەر 1368 _1824گرام)دایە، بەڵام نزیکەی (13_ 20 بلیون) خانە لەخۆدەگرێت و مێشک (Cortex) بە توێکڵێکی ڕوو وشك داپۆشراوە، کە ئەستوورییەکەی نزیکەی دوو ملیمەتر دەبێت، کە مەڵبەندی زمان و قسەکردن لەخۆدەگرێت)(أمال, 2020: 19). ئەمە سەبارەت بە پێکهاتە و شوێنی مێشك لە جەستەی مرۆڤدا، بەم شێوەیە مێشکیش بەو قەبارە و کێش و خانە زۆرەی، کە هەیە، کۆمەڵێك ئەرك و فەرمان و پێکهاتە لەخۆدەگرێت، یەکێك لەمانە (زمان بەو وەسفەی ئەندامێکی ئاوەزییە، شوێنەکەی لە مێشکی مرۆڤدایە)(المطيري, 2022: 14). لەم ڕووەوە زمان ئەرکەکان لە بەشێکی مێشك جێبەجێدەکات، بەو واتایەیە، کە (زمان، ئەرکەکانی لە نیوەی لای چەپی مێشکدایە)(بن شهداء, 2015: 86). واتە؛ بەهۆی ئەوەی مێشك ئەندامێکی زیندووی جەستەی مرۆڤە و شوێن و مەڵبەندی زمانیش دەکەوێتە ناو بەشی چەپی مێشك، هەرکاتێش مێشك تووشی هەر نەخۆشییەك و بەرکەوتنێك بێت، بێگومان زمانیش ئەم نەخۆشییە و بەرکەوتنەی تووش دەبێت، نەخۆشی زمانی لێ دەکەوێتەوە. هەربۆیە (زیاتر هۆیەکانی لەکارکەوتنی بەشێکی مێشک، ڕووداوی مێشکی و دەمارییە، کە بریتییە لە ژمارەیەک جەڵتە، کە ئەوانە هەموویان پێکهاتوون لە کۆمەڵێک پچڕان, کە ئەویش جەخت لەسەر نەگەیشتنی خوێن بۆ ناوچەیەک لە مێشک و کاریگەرییەکانی لەسەر دەزوولە دەمارییەکان لە چوارچێوەی شوێنی ڕوودانی مێشکی و دەماری دەکەنەوە)(فليتشر,1431هـ :424). بەم شێوەیە مێشك و زمان پەیوەندییەکی بەهێزیان لە نێوانیاندا هەیە، کە ئەمەش پەیوەستە بە زمانەوانیی زیندەزانی.

### 1_8_ جینی گواستنەوەی زمان:

سەبارەت بە بواری جینی گواستنەوەی زمان، (کۆدی بۆماوەیی و کۆدی زمان، کە بازدانێکی کەم وێنەیە بۆ شارستانییەت لە زانستی بۆماوەییدا، هەردووکیان کۆگایەکی

سەرەکین بۆ زانیارییەکان و بەشەکانی سیفاتی بۆماوەیی و میراتی گۆکراو، بەو پێیەی، کە داوایەکی بنچینەیی و پێویستییە لە میراتی کەلتووری، کە لە باپیرانەوە بۆ نەوەکان دەگوازرێتەوە)(یاکوبسون,2002: 102 – 103). واتە؛ نهێنی جینی گواستنەوەی بۆماوەیی و زمان لە زانستی بۆماوەییدا بۆ ناو شارستانییەتی مرۆڤایەتی و گواستنەوەی ئەم میراتە نەوە بۆ نەوە هەنگاوێکی دەگمەنە و پێویستی بە هەڵوەستە لەسەر کردن هەیە، چونکە ئاخێوەر ڕۆڵی سەرەکی لە گواستنەوەیدا دەبینێت.

هەربۆیە (ئەو بابەتانەی، کە زمانەوانیی زیندەزانی گرنگییان پێ دەدات، بریتیین لە گواستنەوەی جینی بۆ زمان و نموونەکانی دەماری و فسیۆلۆجی بۆ بەرهەمهێنانی زمان و لێکچوونەکانی توێکاری لە نێوان جۆرەکانی مرۆڤ و جۆرەکانی تردا)(زفنكي, 2022: 63). بەم شێوەیە جینی گواستنەوەی زمان، کە جینی (FOXP2)ە، بریتییە تەنها لە یەك پێکهاتە لە تۆری بۆماوەیی، کە گەورەترین شاردراوەیە لە مێشکی مرۆڤ لە دوای بەهرەی زمانیدا (ملكة اللغة). بەم پێیە جینی ئێف ئۆ ئێکس پی توو، جێنێکی زیندووە و لە مێشکی مرۆڤدایە، هەڵبەتە ئەم جینەش تووشی نەخۆشی و زیان دەبێت، کەواتە؛ (چارەسەری تێکچوونە بۆماوەییەکانی قسەکردن و زمان و توێژینەوە لە جینی FOXP2، کە ئەم جینە زۆرجار بە جینی زمان ناودەبرێت و پەیوەندنی بە تێکچوونی قسەکردن و زمانەوە هەیە، ئەرکی زمانەوانیی زیندەزانییە)(نجم، 2024: 36). کەواتە؛ جینی ئێف ئۆ ئێکس پی توو، جێنێکی زیندووە، زمانەوانیی زیندەزانی لە کاتی ئاسایی و نائاساییدا ئەرك و فەرمانەکانی دیاریدەکات.

هەر لەم ڕوانگەیەوە (تایبەتمەندیی زانیارییەکانی گۆکراو و بۆماوەیی پەیوەست دەبن بە تایبەتێتی و تاکێتی بێ سنوور، هەربۆیە زیندەزانەکان جەخت لەوە دەکەنەوە، کە جۆر بریتییە لە ستوونی پێشکەوتن و هەمەجۆریش بۆ گشت بوونەوەرە ئەندامییە تاکەکان پێویستییە، لەبەر ئەوەی هەمەجۆریی بە ڕێککەوت نییە، بەڵکوو ئەو هەمەجۆرییە نوێنەریکردنی دیاردەیەکی گشتی و پێویستییە بۆ شتە زیندووەکان)(یاکوبسون,2002: 102 – 103). بەم شێوەیە کردەی گوتن و سیفاتی بۆماوەیی تایبەتە بە ئاخێوەر، هەم ئاخێوەریش ڕۆڵی سەرەکی لە پێشکەوتندا دەبینێت، ئەم پێشکەوتنەش بە شێوەیەکی ئاسۆیی بە سەر گشت بوونەوەرەکاندا هەژماردەکرێت.

### 1_9 _ نەخۆشییەکانی گوتن Speech disease:

نەخۆشییەکانی گوتن بەشێکی پەیوەستە بە زمانەوانیی زیندەزانی، کە مرۆڤ لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی ژیانیدا، ڕەنگە تووشی ببێت. بەم شێوەیە لەوانەیە منداڵ، کاتێك تووشی گیروگرفتی گوتن دەبێت، هۆکارێکییان لە ڕووی ئەندامییەوە کەموکووری لە ئەندامانی ئاخاوتن و بیستن بێت، یاخود هۆکارێکی تر تێکەڵ نەبوونی بە ژینگەی زمانی و گۆشەگیری، کە ئەمانە هۆکارن بۆ دروستبوونی گیروگرفتی زمانی. سەبارەت بە گەورانیش، واتە؛ (کەسەگەورەکان لە هەر کۆمەڵەیەکی گوتن دابن, تووشی جەڵتەی مێشک و ڕووداوی مێشکی– دەماری و هەوکردن, یان مەیینی خوێن لە دەزوولە دەمارەکانی مێشک دەبن)(فليتشر,1431هـ :423). بەم شێوەیە ڕووداوی سروشتی و هەوکردن و خوێن مەیین و جەڵتەی مێشك بە هۆکاری سەرەکی دادەنرێن بۆ توشبوون بە نەخۆشییەکانی گوتن.

هەربۆیە (نەخۆشییەکانی گوتن[1] پەیوەست بە گوتن، بەم دواییانە بە تەنها سەر بە زانستێکی تایبەت بوو، ئەو زانستەش بریتییە لە زمانەوانیی زیندەزانی)(بشر, 2005: 193).

المجلة العراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية Iraqi Journal of Humanitarian, Social and Scientific Research
Print ISSN: 2710-095 Electronic ISSN 2790-1254
عدد خاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثامن لكلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية – جامعة بغداد بعنوان
التكامل المعرفي للدراسات التربوية والاجتماعية

واته؛ نەخۆشی و کەموکووری لە ئەندامانی ئاخاوتن و بیستن، هەوکردن و جەڵتەی مێشك، گیرانی موولوولە خوێنەکانی مێشك لە ڕووی ئەندامییەوە تایبەتە بە زمانەوانیی زیندەزاییەوە لە لایەکەوە، لە لایەکی ترەوە (زمانەوانیی زیندەزانی گرنگی بە وەسفکردن و ڕوونکردنەوەی پەیوەندییە ورد و پوختەکانی نێوان ئەرکەکانی زمان و ئەرکەکانی زیندەزانی دەدات، پاشان سوودیان لێ وەردەگرێت بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی زمانی و زانیاریی پێکهاتەی زمانی زیندەزانی و هەڵوەستەکردن لە بارەی ئەو پیشکەوتنە وردە زمانییانەی، کە لە مێشکی منداڵ کاردەکات) (علوي و العتاني,2009: 110) کەواتە؛ زمانەوانیی زیندەزانی پەیوەندیی نێوان ئەرکەکانی زمان و ئەرکەکانی زیندەزانی بۆ ئەوە ڕووندەکاتەوە، تاکوو ئەگەر گرفتێکی گوتن لە ئارادا هەبوو، پێویستە پشکنین بۆ لایەنی زیندەزانی لە مێشك و ئەندامانی ئاخاوتن و بیستن بکرێت کەموکوورییەکە دیاریبکرێت و لە هەمان کاتیشدا ڕوو بکرێتە ئەرکی زمانی و شیکردنەوە بۆ دەربرینە زمانییەکان بکرێت بۆ دۆزینەوە و دیاریکردنی نەخۆشییەکە و چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە.

**بەشی دووەم: ئەفازیا و هەندێك لە شێوەکانی ئەفازیا لە زمانەوانیی زیندەزانیدا**

**2_1_ ئەفازیا Aphasia:**

ئەفازیا شێوەیەکە لە شێوەکانی نەخۆشییەکانی گوتن، بەم پێیە (ئەفازیا لە بنچینەدا لە APHATOS هاتووە، کە زاراوەیەکی یۆنانییە، بۆ هەندێ لە نەخۆشییەکانی گوتن، وەك لەدەستدانی توانای گوتن و نووسین، یان نەبوونی توانای تێگەیشتن لە واتای وشەکان، یان نەدۆزینەوەی ناوەکان بەرانبەر بە شتەکان، یان پابەندنەبوونی لایەنی ڕێزمانی لە کاتی قسەکردن و نووسیندا بەکاردەهێنرێت)(فهمی,1975 :63). کەواتە؛ ئەم نەخۆشییە دەبێتە تێکچوونی بەشێکی دیاریکراو لە دەزوولە دەمارییەکانی مێشك، بەم هۆیەوە بەشێك لە توانستەکانی قسەکردن و بیستنی نامێنێت، ئەمەش لە کاتی دەربڕینە زمانەکان لەسەر فۆرمە زمانییە درکاوەکاندا ڕەنگدەداتەوە و بەدیاردەکەوێت، هەر لەم ڕوانگەیەوە (زمانەوانانی زیندەزانی ئەم نەخۆشییەی، کە تووشی ڕیشاڵی مێشک دەبێت، ناوناوە ئافازیا، کە دەبێتە هۆی ئەوەی کەسەکە توانای قسەکردن و گوتن لەدەستبدات، بەم شێوەیە ئەگەر کەسێك تووشی ئافازیا بوو، ئەوا ئەرکە زمانی و بەکارهێنانە جۆراوجۆرەکانی لە ناو مێشك بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و هاوئاهەنگ کارنەکات)(فتیحة, 2019: 80). لەم ڕووەوە زمانەوانیی زیندەزانی بایەخ و تێڕوانینی وردی لەسەر نەخۆشی ئەفازیا و شێوەکانی ئەفازیا و هەنگاوەکانی گەشەسەندنی داناوە، هەربۆیە (زمانەوانیی زیندەزانی گرنگی بە بابەتی پەرەسەندنی شێوەکانی نەخۆشی لە ڕەوشتی زمانیدا دەدات)(زفنکي, 2022: 63). بەم پێیە ئەفازیا زۆر پێناسەی جۆراوجۆری بۆکراوە، لێرەدا بەپێی پێویست هەندێ لە پێناسانە دەخەینەڕوو:

_ (ئەفازیا نەخۆشییەکی زمانییە، کە لە ئەنجامی ئەو ناوچانەی بەرپرسن لە ئەرکەکانی زمان لە مێشك، تووشی لەکارکەوتن دەبن)(الدباس, 2013: 304).

_ (زانستی ئەفازیا، بریتییە لە کۆبوونەوەی نێوان کەلتووری پزیشکی و لێکۆڵینەوەکانی زمانەوانی، کە هەوڵێکە بۆ زانینی پەیوەندیی نێوان لە کارکەوتنی مێشکی و ڕەوشتی زمانی)(فلیتشر,1431هـ :424).

سەرەڕای هەبوونی ئەم پێناسانە، بە پێویست دەزانرێت، ئەم پێناسەیەش بخەینەڕوو:

_ ئەفازیا نەخۆشییەکی زمانەوانیی زیندەزانییە، توێژینەوە لەسەر بەشی لای چەپی مێشکی مرۆڤ دەکات، کە بەرپرسە لە گوتن و بیستن، لە کاتی ساغ و نەخۆشیدا، هەوڵی چارەسەرکردنیشی دەدات.

## 2_2_ هۆکارەکانی تووشبوون بە نەخۆشییەکانی ئەفازیا[1]:

دیارە، کاتێك مرۆڤ تووشی هەر نەخۆشییەك دەبێت، گەلێك هۆکاری تووشبوون بەو نەخۆشییە لە ئارادایە، هەر بۆیە نەخۆشییەکانی ئەفازیا، وەکوو هەر نەخۆشییەك زۆر هۆکار هەیە بۆ تووشبوونی، کەواتە؛ (هۆیەکانی تووشبوون بە شێوەکانی نەخۆشی ئەفازیا، ئەوانەن کاتێك نەخۆش مێشکی تووشی ئەستووربوون، شێرپەنجە، جەڵتەکانی مێشك، یاخود نەخۆش تووشی ڕووداوەکانی بەرکەوتنی مێشك، یان دەمارەکان دەبێت)(الدباس, 2013: 304). بەم شێوەیە بەرکەوتن و پێکان و ڕووداوی سروشتی و هەوکردنی دەزوولە دەمارەکانی مێشك و هەڵچوون و توورەیش دەبنە هۆی ئەوەی، کە کەسەکە تووشی نەخۆشی ئەفازیا و شێوەکانی ئەفازیا بێت.

بەم پێیە (ئەفازیا ئاماژەیە بۆ ژمارەیەك گیروگرفتی زمانی بە هۆی زیانکەوتن بە مێشك، لە ئەنجامی کێشەکانی مەیینی خوێن، ئاوسان و شێرپەنجە، یان ڕووداو...هتد، لەم دۆخەدا کاریگەری بە پلەی جیاواز لەسەر بیستن و گوتن و نووسین دەبێت)(زفنكي, 2022: 36). هەر لەو کاتەدا کەسی تووشبوو، کاتێك تووشی نەخۆشییەکانی گوتن، وەکوو ئەفازیا دەبێت، بە هۆکاری جەڵتەی مێشك، نەخۆشییەکانی مێشك، پچرانی دەزوولە دەمارەکانی مێشك، هەوکردنی مێشك, ئەوا لە گوتنەکانیدا بەدیاردەکەوێت، ئەویش بەهۆکاری ئەوەی (ناوچە بەرکەوتوو تووشی لە کارکەوتن، دەبێت لە بەشی نیوەی لای چەپی مێشک, کە بەرپرس و زاڵە لەسەر کردەی گوتن، لەو کاتەدا کەسی بەرکەوتوو بە دەست قورسی لە تێگەیشتن, یان گوتن, یان هەردووکیان دەناڵێنێت، چونکە شوێنی ڕوودانی مێشکی و دەماری لە کارکەوتووە)(فليتشر,1431هـ :424). لەمڕووەوە ئەوەی جێگەی سەرنج و تێبینیکراوە، هەموو ئەو هۆکارانەی، کە دەبنە هۆی نەخۆشییەکانی ئەفازیا چۆن یەك نیین، بۆ نموونە ئەگەر تەنها یەك هۆکار وەرگرین، وەکوو جەڵتەی مێشك، ئەگەرچی لە بنەما گشتییەکە لەیەکدەچن، بەڵام بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە و هەرگیز وەکویەك نین.


## 2_3_ شێوەکانی ئەفازیا

### 2_3_1_ ئەفازیای برۆکا[1] Broca's aphasia:

ئەفازیای برۆکا شێوەیەکە لە شێوەکانی ئەفازیا، کەبە ئەفازیای دەربڕینیش ناسراوە، ئەم شێوە ئەفازیایە، واتە؛ (ئەفازیای برۆکا بەهۆی برینداربوون، یان تێکچوونی ناوچەی پێشەوەی نیوەگۆی چەپی مێشکەوە ڕوودەدات، کە زاڵە لەسەر بەرهەمهێنانی گوتن، بە تایبەتی لە لوولدراو و پێچی سێیەمی بەشی پێشەوە، ئەو ناوچەیە پێی دەوترێت ناوچەی برۆکا)(موهوب, 2017: 52). بەم شێوەیە ئەم نەخۆشییە زۆرترین جار لەو کەسانەدا ڕوودەدات، کە تووشی جەڵتەی مێشک بوونە، یەکێکە لە شێوە باوەکانی نەخۆشییەکانی گوتنە، بەو پێیەی (ناوچەی برۆکا بەرپرسە لەو ماسوولکانەی، کە زاڵن لە بەرهەمهێنانی قسەکردن بە تایبەتی لە ماسوولکەکانی لێو و زمان و قورگ)(سەرچاوەی پێشوو). هەربۆیە کەسی تووشبوو گیروگرفتی لە ڕۆنانی وشەدا هەیە و وشە و ڕستە زۆر دووبارە دەکاتەوە و گیروگرفتی لە دووبارە داڕشتنەوەی وشە و ڕستەکاندا هەیە.

لەم ڕوانگەیەوە (ئافازیای برۆکا بریتییە لەو ئەفازیایەی، کە گوتنەکانی ڕاست و ڕەوان نییە، بەهۆی زیانکەوتن بەر ناوچەی برۆکا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بیستن و تێگەیشتنی باشە و تەنها قسەکردنی خراپە، هیچ وشەیەکی ئەرکی و پێشگر و مۆرفیمە ڕێزمانییەکان لە گوتنەکانیدا نییە و فۆنیمە هاوشێوەکانی،
وەکوو (پ، ت، د...هتد) بەسەختی لە یەکتر جیادەکاتەوە و کێشەی زۆریشی لە ڕۆنانی ڕستە و دووبارەکردنەوەیدا هەیە)(Perrotta, 2020: 023). بە شێوەیەکی گشتی (دیاردە و نیشانەکانی ئەفازیای برۆکا لە ئاستی دەنگ، وشە و ڕستە، لەسەر کەسی نەخۆش بەدیاردەکەوێت)(موهوب, 2017: 52). بەم پێیە کەسی تووشبوو بە ئەفازیای برۆکا، کاریگەرییەکەی لەسەر ئاستە جیاجیاکانی زمان و خوێندنەوە و نووسین بەدیاردەکەوێت:
_ ئاستی دەنگ: کەسی تووشبوو بە ئافازیای برۆکا لە کاتی قسەکردندا دەنگ بۆ وشەکان زیاد دەکات، یان کەم دەکات، یان جێگۆڕکییان پێ دەکات، یان قسەکردنی پچڕپچڕ دەبێت، بۆ نموونە:
1_ زیادکردنی دەنگ: لە جیاتی بڵێ: (کۆلێژ)، دەڵێت: (کۆلێلێژ).
لە جیاتی بڵێ: (هەولێر)، دەڵێت: (هەهەولێر).
2_ لادانی دەنگ: لە جیاتی بڵێ: (کوردستان)، دەڵێت: (کورستان).
لە جیاتی بڵێ: (کتێب)، دەڵێت: (کێب).
3_ جێگۆڕکێی دەنگ: لە جیاتی بڵێ: (نامە)، دەڵێت: (مانە).
لە جیاتی بڵێ: (زمان)، دەڵێت: (مزان).
لە جیاتی بڵێ: (حکومەت)، دەڵێت: (حوکمەت).
_ ئاستی وشە: کەسی تووشبوو بە ئەفازیا برۆکا، قسەکردنی لەسەرخۆیە و پچڕپچڕ لە قسەکردنیدا بەدیاردەکەێت و وشەکانی کەمن و وشەی بۆ نایەت و لە کاتی قسەکردندا ئاوازی گوتنەکانی بەدیارناکەوێت، بۆ نموونە:
1_ ئینجا..... ئینجا.
2_ ئی...ئی...تۆ...وەر.
_ ئاستی ڕستە: کەسی تووشبوو بە ئەفازیا برۆکا، ڕستەکان لەسەر بنەماکانی ڕێزمان دەرناپڕێت و کارەکان گەردان ناکات و مۆرفێمە ڕێزمانییەکان لە کاتی قسەکردندا گۆناکات و ڕستەکان بە سادەیی دەردەبڕێت، بۆ نموونە:
1_ لە جیاتی بڵێت: ( ئازاد هات)، دەڵێت: (هات ئازاد... ئازاد).
2_ لە جیاتی بڵێت: (هێمن نان دەخوات)، دەڵێت: (هێمن نان خواردن).
3_ لە جیاتی بڵێت: (قوتابییەکان تاقیکردنەوەکانی ئەم هەفتەیە ناکەن)، دەڵێت: (قوتابی تاقیکردنەوە هەفتە کردن).

Iraqi Journal of Humanitarian, Social and Scientific Research المجلة العراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية
Print ISSN: 2710-095 Electronic ISSN 2790-1254
عدد خاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثامن لكلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية – جامعة بغداد بعنوان
التكامل المعرفي للدراسات التربوية والاجتماعية



شێوەی ژمارە (1) شوێنی زیانکەوتووی مێشکی لە ئەفازیای برۆکا(فلیتشر,1431هـ :424).

### 2_3_2_ ئەفازیای ڤێرنیکا[1] Wernicke's aphasia :

ئەفازیای ڤێرنیکا شێوەیەکە لە شێوەکانی ئەفازیا و بە ئەفازیای وەرگرتنیش ناسراوە، کەسی تووشبوو بەم جۆرە تووشی ئەم ئەفازیایە دەبێت، واتە؛ (ئەفازیای ڤێرنیکا لە ئەنجامی ڕوودانی تێکچوونی نیوەی بەشی چەپی مێشک لە یەکەم لوولدراوی پێچی پشتەوە لە ناوچەی ڤێرنیکا لە بەشی دیواری خوارەوە)(موهوب, 2017: 52). بەم شێوەیە ئەم ناوچە دیاریکراوە تووشی بەرکەوتن، یان نەخۆشییەکی ئەندامی دەبێت، بەم پێیە (ئەفازیای ڤێرنیکا، بە هۆی زیانکەوتن بەر ناوچەی ڤێرنیکا و دەزوولە دەمارییەکانی بیستن، کە بە ناوچەکەوە بەستراوەتەوە، کەسی نەخۆش کێشەی لە تێگەیشتنی زمان و بەرهەمهێنانیدا هەیە و بە شێوەیەکی ڕاست و ڕەوان قسەدەکات و وشەی نوێ بەکاردەهێنێت، بەڵام نەخۆشەکە درك بەوەناکات، کە گوێگر لە زمانەکەی ناگات، لە هەمان کاتدا تاکە تێگەیشتنێک، کە هەبێت، ئەوەیە کە کەسی نەخۆش جووڵەی جەستە بەکاردەهێنێت، بەڵام لە پرسیاری، ناوت چییە؟ تێناگات)(Perrotta, 2020: 023). لەم ڕووەوە ئەو کەسانەی، کە تووشی نەخۆشی ئەفازیای ڤێرنیکا دەبن، کاتێك ئاخێوەر قسەی بۆ دەکات، لە قسەکانی ناگات، بۆ نموونە ئاخێوەر کاتێك پێی دەڵێت: نیوەڕۆ چیت خوارد؟ لە بەرانبەردا کەسە تووشبووەکە، لە ئاخێوەکە ناگات و نازانێت چی پێ گوتووە و وەڵامیداتەوە و بڵێت: ئەو خواردنەم خواردووە و ناوی خواردنەکە بڵێت.

هەربۆیە بە شێوەیەکی ڕوونتر، (نیشانە و دەرکەوتنەکانی ئەفازیای ڤێرنیکا، کەسی نەخۆش ناوچەی بیستن و تێگەیشتن تێکدەچێت و لە قسەکردن ناگات، بەڵام قسەکردنی بێ کێشەیە، تەنها زۆر گوتن و قسەی بێ واتای هەیە و هەڵچوون و تووڕەبوونیشی پێوەدیارە و هەندێ وشە دەڵێتەوە، کە لە زمانی زگماکی خۆیاندا نییە و کاریگەریش لەسەر کردەی خوێندنەوە و نووسین دەنوێنێت)(موهوب, 2017: 53). واتە؛ کەسی تووشبوو بە نەخۆشی ئەفازیای ڤێرنیکا، قسەی زۆر دەکات و ئەندامانی جەستەی بەکاردەهێنێت، بۆ

ئەوەی گوێگر لێی تێ بگات و وشەی ناڕوون دەڵێت، کە لە زمانەکەیدا نییە و لە قسەکانی بەرانبەرەکەشی ناگات وکەموکووریش لە خوێندنەوە و نووسینیدا هەیە.

## 2_3_3_ ئەفازیای گەیاندن[1] Conduction aphasia:

ئەفازیای گەیاندن شێوەیەکی ترە لە شێوەکانی ئەفازیا، ئەویش بەم شێوەیەیە (ئافازیای گەیاندن لە ئەنجامی تێکچوونی ناوچەی ڕیشاڵی کەوانەیی، کە ڕێڕەوی دەماری پێکدەهێنن، کە ناوچەی برۆکا (بەشی پێشەوە) لە پێشەوە و ناوچەی ڤێرنیکا لە دواوە (لە ئاستی نێوان چاو و گوێ لە لای سەر) بەیەکەوە دەبەستێتەوە. ئەم تێکچوونە دەبێتە هۆی جیابوونەوەی مەڵبەندی وەرگرتنی زمان لە مێشک، لە مەڵبەندی دەربڕینی زمان، چونکە ڕیشاڵی کەوانەیی ئەم دوو مەڵبەندەی تێگەیشتن و دەربڕین بەیەکەوە دەبەستێتەوە)(موهوب, 2017: 53). بەم پێیە ئەم دەزوولە دەمارییانەی، کە ناوچەی برۆکا بە ناوچەی ڤێرنیکا دەبەستنەوە، تووشی زیان و بەرکەوتن دەبن، بەو هۆیەشەوە ناوچەی برۆکا و ناوچەی ڤێرنیکا لە یەك دادەبڕێن، شوێنەکەشی بەدیاریکراوە، واتە؛ (ئەو شوێنەی، کە ئەفازیای گەیاندن زیانی بەردەکەوێت، دەکەوێتە سەر ئاستی بەشی دیواری چەپ لە پێچی گۆشەیی و پێچی کەوانەیی مێشك)(Perrotta, 2020: 023). بەم شێوەیە پەیوەندی لە مەڵبەندی زماندا لە نێوان دەربڕین و وەرگرتندا نامێنێت.

بەو هۆیەوە کاتێك پەیوەندی لە نێوان ناوچەی برۆکا و ناوچەی ڤێرنیکا نامێنێت، (ئەو کەسەی تووشی ئافازیای گەیاندن بووە، ئەو وشە و ڕستانەی، کە دەیبیستێت ناتوانێت دووبارەیان بکاتەوە و ئەوان بە دەست تێکچوونێکی گشتی لە دووبارەبوونەوە و دووبارەکردنەوەی قسەکردندا دەناڵێنن)(موهوب, 2017: 53). واتە؛ کەسی تووشبوو بە نەخۆشی ئەفازیای گەیاندن، کاتێك کەسی بەرانبەری قسەی بۆ دەکات، ناتوانێت دووبارەیان بکاتەوە و وشە و ڕستەکان بڵێتەوە، بۆ نموونە: ئاخێوەر بە کەسی تووشبوو بڵێت: ئەم وشە و دەستەواژە و ڕستانەم بۆ دووبارەبکەوە، کەسی تووشبوو ناتوانێت، بیانڵێتەوە:

_ ئاخێوەر: باران
کەسی تووشبوو: ......
_ ئاخێوەر: ئاسمانی شین
کەسی تووشبوو: ......
_ ئاخێوەر: باران دەبارێت.
کەسی تووشبوو: ......

بەم شێوەیە کەسی تووشبوو بە نەخۆشی ئەفازیای گەیاندن جیاوازییەکەی لەوەدایە، کە کەموکوورییەکی تووندی لە لاسایی و دووبارەکردنەوەیدا هەیە و بە هۆی تووشبوونی بەم نەخۆشییەوە کەموکووری درکاندنی دەنگیشی لە کاتی گوتندا هەیە، بۆ نموونە: جاری وا هەیە، کەسی تووشبوو بە ئەفازیای گەیاندن لە جیاتی بڵێت: نان، دەڵێت: تان.

## 2_3_4_ ئەفازیای ناوانAnomic aphasia:

ئەفازیای ناوان شێوەیەکی ترە لە شێوەکانی ئەفازیا، ئەم ئەفازیایە، واتە؛ (ئەفازیای ناوان لەم شێوەیەدا، نەخۆش کەمووکوڕی و پەککەوتەی لە تێگەیشتنی ناوی شتەکان و واتای وشەکاندا هەیە)(العزە, 2021: 149). بەم شێوەیە ئەفازیای ناوان بریتییە لە هەبوونی گرفت لە ناونانی شتەکان و گەڕانەوەی وشەکان، هەربۆیە (ئەفازیای ناوان، شێوەیەکی تایبەتە لە ئەفازیا، ئەوەی لە نەخۆش دەبیندرێت، ئەوەیە کە ئاستەنگی لە دۆزینەوەی زاراوە وردەکان بۆ دەربڕین لە خودی خۆیان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانێت، لاسایی هەمان ئەو وشانە

بکاتەوە، هەروەها کەمتر کاریگەری لەسەر تێگەیشتن و کارامەییەکانی زمانی نووسین دەبێت)(Perrotta, 2020: 023). بەم جۆرە کەسی تووشبوو بە ئەفازیای ناونان، کێشەی لە دووبارەکردنەوەدا نییە و لە کەسی بەرانبەری دەگات و تواتای نووسینیشی زۆر باشە، بەڵام ناوی کەس و شتەکان زوو لەبیردەکات و بۆ نایەت لە کاتی قسەکردندا، بۆ نموونە زۆر جار لە کاتی قسەکردنی لەگەڵ هاورێیەکی یەکسەر ناوی لە بیر دەچێتەوە، یاخود ئەگەر ناوی هاورێکەی (سۆران) بێت، لە جیاتی پێی بڵێت: (سۆران) ناوێکی تری پێ دەڵێت: دەڵێت: (سامان).

هەربۆیە کەسی نەخۆش سەیری شتێک دەکات و بە سادەیی ناتوانێت ئەو وشەیە وەربگرێت، کە هاوتایە لەگەڵ شتەکەدا، بۆ نموونە: لە جیاتی بڵێت: دەرگا، دەڵێت: پەنجەرە، یان لە جیاتی بڵێت: مەڕ، دەڵێت: بزن، یان لە جیاتی بڵێت: ڕۆژ، دەڵێت: شەو...هتد، هەندێک جاریش ناتوانێت پۆلە تایبەتییەکانی شتەکان بەبیربهێنێتەوە، وەک ناوی مانگەکانی ساڵ.

### 2_3_5_ ئەفازیای گشتیGeneral aphasia:

ئەمەشیان شێوەیەکە لە شێوەکانی ئەفازیا، واتە؛ ئەفازیای گشتی بریتییە لە تێکچوونی تەواو لە بەشی پێشەوە و دواوەی بەشی لای چەپی مێشك، کاریگەریی تەواو لەسەر ئاستی گوتن و بیستن بەدیاردەکەوێت، بەم شێوەیە (ئەفازیای گشتی کەموکوورییەکی زۆری لە بیستن و گوتنی دەربرینە زمانییەکاندا هەیە و قسەکردنی کورتە و دووبارەبووەی تێدایە، تێگەیشتن و دووبارەکردنەوەکانی زۆر خراپە، کەسی نەخۆش بە دەنگی بەرز دەخوێنێتەوە و نووسینی خراپە، ئەم ئەفازیایە بە گشتی بە هۆی برینە گەورەکانی لای نیوەی بەشی چەپی مێشك دروستدەبێت، کە بریتین لە ناوچەی برۆکا و ڤێرنیکا، هەر بە هۆی ئەمەشەوە هەندێ جار تواناى پەیوەندیکردن بە تەواوی لەدەستدەداتن)(سەرچاوەی پێشوو). بەم جۆرە ئەفازیای گشتی بریتییە لە تێکچوونی ناوچەی بیستن و گوتن لە مێشك، ئەویش بەهۆی بریندار بوونی هەردوو ناوچەی برۆکا و ڤێرنیکاوە، یان زۆر جار دوای ئەوەی جەڵتەی مێشک، زیان بە هەردوو ناوچەی برۆکا و ڤێرنیکا دەگەیەنێت، ئەم شێوە ئەفازیایە بەدیاردەکەوێت و کەسی بەرکەوتوو، دووبارەکردنەوەی هەیە، بۆ نموونە: هات هات هات، یان بە دەنگی بەرز، دەڵێت: هااااااات هاااات، لە نووسینیشدا ناتوانێت، بە ڕاست و دروستی بنووسێت، بۆ نموونە: گەر بیەوێت، بنووسێت: کاروان نامە دەخوێنێتەوە. جاری وا دەنووسێت: کاران نمە دەخێنێت وە.

### 2_3_6_ ئەفازیای سەر توێکڵی مێشکTranscortical aphasia:

ئەفازیای سەر توێکڵی مێشك ئەم شێوە ئافازییە لە ئەنجامی تێکچوون و زیانکەوتن لەسەر ڕووی توێکڵی مێشك ڕوودەدات، بەو هۆیەوە ئەم تێکچوونە لەسەر مەڵبەندی زمان دەمێنێتەوە و ئاڕاستەکانی بەیەکەوە گەیشتنی نێوانیان ساغ و دروستە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەم تێکچوونە، مەڵبەندی زمان لە تەواوی مێشک دادەبڕێنێت. هەربۆیە (ئەفازیای سەر توێکڵی مێشك، ئەم شێوەیان شێوەیەکی تایبەتە لە شێوەکانی ئەفازیا، جیاوازییەکەشی لەوەدایە پاراستنی ڕێژەیی بۆ دووبارەبوونەوە هەیە و دابەشی سەر سێ لق دەبێت، یەکەمیان شێوەی هەستی، کە کاریگەری لەسەر هەموو کارامەییەکانی بیستن و تێگەیشتن هەیە و بێجگە لە دووبارەکردنەوە بە تووندیش قسەدەکات، ناوچەکەی ئەم شێوەیان لە تەنیشت ناوچەی ڤێرنیکایە، کە تووشی بەرکەوتنی زیان بووە. دوومیان شێوەی

جووڵەیی، کە کاریگەریی بە تووندی لەسەر هەموو کردەیەکی زمانی کردووە، بەڵام بە شێوەیەکی ڕێژەیی تێگەیشتنی پاراستووە، شوێنی توێکڵی پێشەوەی مێشك بەر زیانکەوتووە. سێیەمیان شێوەی تێکەڵاو، کە ئەم شێوەیان زۆر توونده و کەس بە تەواوی لە زمانی نەخۆش ناگات، بەڵام کارامەییەکانی دووبارەکردنەوە و گۆرانی...هتد، وەکوو خۆی دەمێنێتەوە) (سەرچاوەی پێشوو). بەم جۆرە ئەفازیای سەر توێکڵی مێشك، سێ شێوەی تر لەخۆدەگرێت، ئەوانیش بریتین لە، یەکەمیان: ئەفازیای هەستی، کە کاریگەری لەسەر تێگەیشتن دەنوێنێت و کەموکووری لە بیستدا هەیە و ناتوانێت لاسایی گوتنەکانی بەرانبەرەکەی بکاتەوە و بە توورەیش قسەدەکات، دووەمیان: ئەفازیای جووڵەیی، کە پەیوەستە بەدیارکەوتنی کەموکووری لە دەربڕین و نزیکە لە ئەفازیای برۆکا، سێیەمیان: بریتییە لە ئەفازیای تێکەڵاو، کەسی تووشبوو بەم شێوە ئەفازیایە، قسەدەکات، بەڵام کەس لە قسەکانی ناگات و قسەکانی تێکەڵاوییەکی زۆری تێدایە، لە هەمانکاتیشدا بۆ دووبارەکردنەوە و گۆرانی وتن، هیچ کێشەیەکی نییە.

### 2_4_ چارەسەری ئەفازیا:

هەر لەم ڕوانگەیەوە سەبارەت بە چارەسەری ئەفازیا، لەم توێژینەوەیەدا دەردەکەوێت، کە ئەفازیا چەند شێوەیەکی هەیە، هەر شێوەیەکیش لەم شێوانە لەناو خودی خۆیدا، لە کەسێکی تووشبوو بۆ کەسێکی تووشبوو جیاوازی هەیە، ئەگەرچی ئەم شێوە ئەفازیایە لە بنەڕەتدا چوارچێوەیەکی لێکچووی هاوبەشی هەیە، بۆ نموونە یەکێك لە شێوەکانی ئەفازیا، ئەفازیای برۆکایە، کە پەیوەستە بە دەربڕین و گوتن، ئەگەر سەد کەسی تووشبوو بە ئەفازیای برۆکا وەرگرین، هەر هەموویان بە ڕێژەیەك لە ڕێژەکان لەیەکترییەوە جیاوازن، ئەمەش وا دەکات کە هەر یەکێکیان پێویستی بە پشکنین و ڕاهێنان و چارەسەری جیاواز هەیە، هەڵبەتە زمانەوانیی زیندەزانی ڕۆڵێکی چالاك لەم بوارەدا دەگێڕێت. هەربۆیە (لە ماوەی ناسین و زانیاری لەسەر نەخۆشی و کەموکوورییەکانی زمان، کە لە زۆرێک لە نەخۆشەکاندا هەیە، مازن ئەلوعر دەڵێت: دەتوانین تیۆرێکی زمانەوانیی یەکگرتوو داڕێژین، کە بێگومان ئەنجامی بۆ هەولوکۆششی زیندەزانیی دەروونی و زمانەوانی لە مرۆڤدا دەبێت. تیۆرێکی زمانەوانی یەکگرتووی لەو شێوەیە وامان لێدەکات چارەسەری هەندێک نەخۆش بکەین، کە توانای قسەکردنیان نییە. بۆیە دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکانی زمان پەیوەستە بە زانیاریی ئەنجامەکانی زمانەوانیی زیندەزانی و بۆ ئەوەی بتوانێت، چارەسەری نەخۆشییەکان زمان پێشکەشبکات)(فتيحة, 2019: 80). هەر لەم ڕووەوە پێویستە کەسی تووشبوو بەر لەوەی تووشی شێوەیەك لە شێوەکانی ئەفازیا ببێت، پشکنینی ورد بۆ خۆی بکات، یاخود هەر لە سەرەتای تووشبوونی بە ئەفازیا، پێویستە پشکنین بکات، تاکوو هەر زوو شێوەی ئەفازیاکەی دەستنیشانبکرێت، تا بە گوێرەی قەبارە و ڕێژەی تووشبوونەکەی لە ڕێگەی زمانەوانیی زیندەزانی چارەسەری گونجاوی بۆ دابنرێت.

ڕاهێنانی زمانیش ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت، لە چارەسەرکردنی شێوەکانی ئەفازیا, هەربۆیە (دوای لەکارکەوتنی بەشێکی مێشک، ڕەنگە زمان، ببێتە پشتگیریەك لە چاکبوونەوەی زماندا، کە زۆر جار وەکوو چارەسەر بەکارهێنراوە)(Peñaloza, et al, 2022:1).

بەم پێیە کاتێك بەشی لای چەپی مێشکی مرۆڤ، تووشی نەخۆشی شێوەیەك شێوەکانی ئەفازیا دەبێت، بە هۆی ڕووداوی دەرەکی، یان ناوەکییەوە، ڕەنگە هەندێ جار بە وەرگرتنی چارەسەر، یان ڕاهێنانی زمانی، یان بە تێپەڕینی کات چاکببێتەوە و هەندێ لە تووشبووانی شێوەکانی ئەفازیاش بە هۆی ئەوەی قەبارە و ڕێژەی تووشبوونەکەی زۆر توونده و کاریگەرە،

ئەم نەخۆشییە، تاکوو مردن لەگەڵی دەمێنێتەوە و چارەسەری نییە، کەواتە؛ چارەسەر و چاکبوونەوەی تووشبووانی ئەفازیا لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت و تەمەنیش ڕۆڵێکی کارای هەیە لەم بوارەدا.

## ئەنجام

1_ پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان زمانەوانیی زیندەزانی و ئەفازیا و شێوەکانی ئەفازیادا هەیە، ئەویش بەستنەوەی توانستەکانی زمانە بە ئەرکەکانی مێشك، هەربۆیە پەیوەندیی نێوان ئەفازیا و زمانەوانیی زیندەزانی بریتییە لە توێژینەوەکردن لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان زمان و مێشك، ئەفازیا، وەکوو نموونەیەك بەکاردەهێنرێت.
2_ شێوەکانی ئەفازیا لە زمانەوانیی زیندەزانیدا بریتین لە : ئەفازیای برۆکا، ئەفازیای ڤێرنیکا، ئەفازیای گەیاندن، ئەفازیای ناونان، ئەفازیای گشتی، ئەفازیای سەر توێکڵی مێشك.
3_هۆکارەکانی تووشبوون بە شێوەکانی نەخۆشی ئەفازیا، گەلێکن، هەندێك لەم هۆکارانە، بریتین لە: هەوکردنی مێشك، شێرپەنجە، جەڵتەکانی مێشك، ڕووداوەکانی بەرکەوتنی مێشك، پچڕانی دەزوولە دەمارییەکان، ڕووداوی سروشتی، هەڵچوون و توورەی، مەیینی خوێن...هتد، ئەم هۆکارانە ئەگەرچی لە بنەما گشتییەکە لەیەکدەچن، بەڵام بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە و هەرگیز وەکویەك نین.
4_ لە زمانەوانیی زیندەزانیدا چارەسەرکردنی شێوەکانی ئەفازیا پەیوەستە بە لایەنی ئەندامییەوە و مەڵبەندی زمانیش دەکەوێتە ناو بەشی چەپی مێشك، هەرکاتێش مێشك تووشی هەر نەخۆشییەك و بەرکەوتنێك بێت، بێگومان زمانیش ئەم نەخۆشییە و بەرکەوتنەی لێ بەدیاردەکەوێت و لەم کاتەدا دەتوانرێت، شێوەی ئەفازیاکەی دەستنیشانبکرێت.
5_ لەم توێژینەوەیەدا دەردەکەوێت، کە ئەفازیا چەند شێوەیەکی هەیە، هەر شێوەیەکیش لەم شێوانە لەناو خودی خۆیدا، لە کەسێکی تووشبوو بۆ کەسێکی تووشبوو جیاوازی هەیە، کەواتە؛ هەر یەکەشیان پێویستی بە چارەسەری جیاواز هەیە.
6_ سەبارەت بە چارەسەری ئەفازیا، ڕەنگە هەندێ جار بە وەرگرتنی چارەسەر، یان ڕاهێنانی زمانی، یان بە تێپەڕینی کات کەسی تووشبوو بە ئەفازیا چاکبێتەوە و هەندێ جاریش بە هۆی توندی و کاریگەری، ئەم نەخۆشییە، تاکوو مردن لەگەڵی دەمێنێتەوە و چارەسەری نییە، کەواتە؛ چارەسەر و چاکبوونەوەی تووشبووانی ئەفازیا لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت و تەمەنیش ڕۆڵێکی کارای لەم بوارەدا هەیە.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: بە زمانی کوردی

_ سەعید، یوسف شەریف (2011)، زمانەوانی، کۆکردنەوەی: نەریمان خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
_ عەلی، شێرزاد سەبری و عەبدوللا، عەبدولسەلام نەجمەدین (2011)، زمانڤانیا کارەکی، چاپا ئێکی، چاپخانەیا خانی، دهۆك.
_ نجم، سەنگەر حسن (2024) بایۆزمان (زمانەوانی بایۆلۆژی)، گۆڤاری زانکۆ پرێس، ژمارە (49)، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر.

## دووەم: بە زمانی عەرەبی

_أمال, حساين (2020) الحبسة الكلامية من المنظورالنفسي اللغوي, رسالة ماجستير, جامعة ابوبكر بلقايد, جزائر.

_ بشر, كمال (2005) التفكير اللغوي بين القديم والجديد، دار غريب للطباعة والنشر و التوزيع، القاهرة.

_ بن شهداء, محمد اسماعيل (2015) انتاج اللغة في الدماغ, دراسة في علم اللغة العصبي, Jurnal Lisanu ad_ Dhad، العدد (2).

_ بوقرة، نعمان (2009)، اللسانيات اتجاهاتها و قضاياها المعاصرة، عالم الكتب الحديثة، اربد.

_ فهمى, مصطفى (1975) في علم النفس (أمراض الكلام), الطبعة الخامسة, دار مصر للطباعة, مصر.

_ حجازي, محمود فهمي (د.)، (؟)، مدخل الى علم اللغة، الناشر دار قباء للطباعة والنشر و التوزيع، شركة مساهمة مصرية عبدة غريب, القاهرة.

_ الخطيب, أحمد شفيق (2006)، قراءات في علم اللغة، الطبعة الاولى، دار النشر للجامعات، مصر.

_ الخولي, محمد علي (1986) معجم علم اللغة التطبيقي، طبعة أولى، طبع في لبنان، مكتبة لبنان، بيروت.

_ __________ (1991)، معجم علم اللغة النظري، طبع في لبنان، مكتبة لبنان، بيروت.

_ الدباس, صادق يوسف (2013) الأضطرابات اللغوية وعلاجها, مجلة جامعة القدس المفتوحة للأبحاث والدراسات, العدد التاسع والعشرون(2).

_ زفنكي, صافية (2022), معجم مصطلحات اللسانيات, (النظرية و التطبيقية), إنكليزي _ عربي _ كردي, بمشاركة: البرفسور رفيق سليمان, الطبعة الاولى, الناشر: المركز الديمقراطي العربي للدراسات الأستراتيجية و السياسية و الاقتصادية, المانيا/ برلين.

_ العزه, سعيد الحسيني (2021) الإعاقة السمعية واظطرابات الكلام والنطق واللغة, الطبعة الاولى, الدار العلمية الدولية للنشر والتوزيع ودار الثقافة للنشر والتوزيع, الاردن.

_ علوي, حافظ اسماعيل و العناتي, وليد احمد (2009)، اسئلة اللغة أسئلة اللسانيات، الطبعة الاولى، دار الامان( الرباط)، منشورات الاختلاف( الجزائر)، الدار العربية للناشرون( بيروت– لبنان).

_ فتيحة, عويقب (2019) اللسانيات النفسية وعلاقتها باللسانيات البيولوجية واللسانيات العصبية, مجلة جيل العلوم الانسانية و الاجتماعية, تصدر شهريا عن مركز جيل البحث العلمي, العام السادس, العدد (59).

_ فليتشر, بول (1431ه) أنهيار اللغة: الامراض اللغوية و معالجتها, الموسوعة اللغوية, المجلد الثاني، تحرير: الاستاذ الدكتور ن. ي. كولنج، ترجمة: الدكتور محي الدين حميدي, الدكتور عبدالله الحميدان, النشر العلمي والمطابع, الجامعة الملك سعود.

_ المطيري, فهد (2022) اللسانيات الأحيائية وعلم المعرفة, مجلة اللسانيات العربية, 15.

_ موهوب, مراد (2017) الاضطرابات اللغوية: الحبسة اللغوية الأفازيا "نموذجاً, المجلة الصحية المغربية, العدد (17).

_ ياكبسون، رومان (2002)، الأتجاهات الأساسية في علم اللغة، ترجمة: علي حاكم صالح و حسن ناظم، الطبعة الاولى، الناشر المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء، المغرب.

## سێیەم: بە زمانی ئینگلیزی:

_ Boeckx, C., (2026) Linguistic Minimalism, Origins, Concepts, Methods, and Aims, , first published, Oxford university press.
_ CRYSTAL, D., (2008), A Dictionary of Linguistics and Phonetics, Sixth Edition, Blackwell publishing Ltd.
_ Peñaloza, C., Martin, N., Laine, M., Rodríguez - Fornells, A. (2022) Language learning in aphasia: A narrative review and critical analysis he literature with implications for language therapy, Neuroscience and Biobehavioral Reviews 141 (2022) 104825, https://doi.org/10.1016/j.neubiorev.2022.104825
_ Perrotta, G., (2020) Aphasia: Definition, clinical contexts, neurobiological profiles and clinical treatments. Ann Alzheimers Dement Care 4(1): 021-026. DOI: https://dx.doi.org/10.17352/aadc.000014

## چوارەم: لە ئینتەرنێتەوە:

_ https://en.wikipedia.org/wiki/George_Kingsley_Zipf, 11/ 12 /2020.
_ https://ar.wikipedia.org/wiki/, 11/12/2020.
ماسيمو بياتيللي بالماريني, اللغة الحيوي, الموسوعة الحرة.

---

[1] زمانەوانیی بایۆلۆجی و زمانڤانییا بیۆلۆجییشی پێ دەگوترێت، پروانە(سەعید،2011: 24)،( عەلی و عەبدوللا، 2011: 264). لەهەمان کاتیشدا زاراوەکانی (زمانەوانیی دەماریی دەروونی و بایۆزمانەوانی)یان بۆ بەکاردەهێنرێت.

[2] (جۆرج کینجسلی زیف (1902- 1950) زمانەوان و زمانزانێکی ئەمریکییە، لێکۆڵینەوەی لە سەر گۆڕانە ئامارییەکان لە زمانە جیاوازەکاندا کردووە و لە گرنگترین بەرهەمەکانی: (سایکۆ- بایۆلۆجیی زمان، 1935 و ڕەفتاری مرۆڤ و ڕێسای کەمترین هەوڵدان، 1949...هتد)(en.wikipedia.org).

[1] نەخۆشییەکانی گوتن زۆر لایەنی هەیە، لایەنێکی زمانییە و لایەنێکیشی دەروونییە، ئەویش زمانەوانیی دەروونی چارەسەری دەکات، لایەنێکی نەژادییە، یان کەلتورییە، ئەویش زمانەوانیی ئەنسرۆپۆلۆجی و

ئسنۆلۆجی چارەسەری دەكات و لایەنێكی كۆمەڵایەتی، یان ژینگەییە، ئەویش زمانەوانیی كۆمەڵایەتی چارەسەری دەكات و لایەنی ئەندامیش زمانەوانیی زیندەزانی چارەسەریدەكات(بشر, 2005: 203).

[1] (هۆكاری تر بۆ لەدەستدانی توانای گوتن هەیە، وەكوو لاوازی زمان بە هۆی كەموكووری و پەككەوتنی هەستكردن، بۆ نموونە كێشەكانی بیستن و خەڵەفاوی، یان كێشەكانی دەروونی و سۆزداری)(صافية, 2022: 36).

[1] (ئەم ناوە بۆ زانای دەمارناسیی فەڕەنسی (پۆل برۆكا) دەگەڕێتەوە, كە بۆ یەكەم جار لە ساڵی (١٨٦١ز) ئەم ناوچەیەی وەسفكرد)(فليتشر,1431هـ :424).

[1] (ئەفازیای ڤێرنیكا لە لایەن پزیشكی دەمارناسی ئەڵمانی كارل وێرنیكەوە Carl Wernicke لە ساڵی ١٨٧٤ دۆزرایەوە، بە پشتبەستن بە چاودێریكردنی دوو نەخۆش، كە نەیانتوانیبوو لە قسەكردن تێبگەن، بەڵام توانای قسەكردنیان هەبوو)(موهوب, 2017: 52).

[1] (ئەفازیای گەیاندن لەلایەن وێرنیكەوە گریمانە كراوە و بۆ یەكەم جار لەلایەن لیچتهایم لە ساڵی ١٨٨٥ز وەسفكراوە)(Perrotta, 2020: 023).